پ 1) لەناو بۆشاییەکەدا پیتی وەڵامی راست بنووسە:

1. ____ ئەمانە بریتین لە ماسولکە ناوەکیەکان لە ناو لەشی مرۆڤ... واتە (ئەندامەکانی ناوەوە و ڕژێنەکان).
   a) وەرگیراوەکان، المستقبلات، Receptors
   b) وەڵام دراوەکان، المستجبات، Effectors
   c) خانە گەیەنەرەکان، الخلایا الموصولة، Conductor Cells
2. لە پۆلێن کردنی دەمارەکان, جۆری یەکەم لە دەمارەکانی دڕکی، خێراترین جۆرە بۆ گەیاندن و ____.
   a) زۆترین پانتایی هەیە
   b) پانتاییەکەی مام ناوەندییە
   c) پانتاییەکەی کەمترە لە جۆرەکانی تر
3. الاجسام الرباعیە بەشەکە لە ____.
   a) مێشکی پشتەوە (Rhombencephalon )
   b) مێشکی ناوەندی (Mesenciphalon)
   c) مێشکی پێشەوە (Perocenciphalon)
4. خانەی دەمار بەتەنیای نابیندریت بەلکو ____ پێکەوە کۆدەبنەوە بە دەستەیەك پێیدەڵێن (Bundles).
   a) الاندوپلازماکان
   b) تەوەری دەماریەکان
   c) دەندریتەسەکان
5. درێژی بەشی یەکەمی دەماری خانەی (Sympathetic) پێش کۆبونەوەیان ____ پاش کۆبونەوە.
   a) کورت ترە لە بەشی یەکەمی
   b) درێژترە لە بەشی یەکەمی
   c) کورت ترە لە بەشی دووەمی
   درێژترە لە بەشی دووەمی

پ 2) هێمای راست ✓ یان هێمای هەلە × دانی بەرامبەر بەهەر رستەیەك:

1. کۆئەندامی دەماری سەربەخۆ (مستقل) بەرپرسە لەسەر چالاکییەکانی ئەندامەکانی ناوەوەی لەش و ەکو ماسولکەکان و ڕژێنەکان.
2. بەشێوەیەکی گشتی باراسمبثاوی ئیش دەکات لەسەر بەکار هێنان و بەکار بردنی وزە. بەڵام سمبثاوی کارەکەی بریتییە لە پاراستن و هەڵگرتنی وزە.
3. لە کارەکانی الثلموسي: گەیاندنی زانیاریە هەستییەکان لە سەرەوە و خوارەوەی لەش. بۆ ناوچە هەستییەکان لە بەشی پشتەوەی مێشکی پێشەوە.
4. دەروونزانی فسیۆلۆجی (علم النفس الفسیولوجی): پێکهاتیە لە دوو بەش: دەروونزان / فسیۆلۆجی. بۆ دۆزینەوەی شیکردنەوەیەکی فسیۆلۆجی ئۆرگانی بۆ رەفتارەرکانی مرۆڤ.
5. Sympathetic گلێنەی چاو تەسك دەکات.

پ 3) ئەم بۆشایانەی خوارەوە پربکەوە:

1. زاناکانی دەرونزانی فسیۆلۆژی هەوڵ دەدەن بۆ ناسین و دۆزینەوەی ئەو هۆکارە بایۆ کیمیایی و ____________________ کە بەرپرسن لەسەر ڕەفتاری خۆگونجاندنی مرۆڤ...

2. کۆئەندامی دەماری سەربەخۆ پێك دێت لە خانەی جوڵەیی. کە کۆئەندامی دەماری ناوەندی دەگەیەنێتە ________________________________ کە کۆنترۆڵی ئیشی ئەندامەکانی ناوەوەی لەش و ڕژێنەکان دەکەن.
3. نەورۆن شێوەی درێژە بەهۆی لقەکانی کەتریسکی ________________________ دەگوازێتەوە.

پ 4) فسیۆلۆجیای دەروونزانی چییە؟